# قایلکاری لە چیرۆکی منالاًندا

پرۆفیسۆر : د. ظاهر لطیف کریم - د. فاضل مجید محمود / زانکۆی سلێمانی – کۆلیژی زمان

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەپێی زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، هەوڵێکی ئەکادیمی دراوە بۆ دەستنیشان کردنی کاری ڕازی کردن و قایل بوون و ئەو تەکنیکانەی کە دەبنە هۆی ئەم کارە و کاریگەری لەسەر منالان بەپێی ئاستی ژینگە و تەمەن و زانینیان..

بە هۆشیاری بێت یان نا، ئەو چیرۆکنوسانەی کە ڕەچاوی ئەو تەکنیکانە دەکەن، چیرۆکەکانیان لە ڕووی ئیستاتیکا و فیکری و هۆشمەندی و سایکۆلۆژی و سوسیولۆژی‌یەوە سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت و کارەکەیان کاریگەر دەبێت لەسەر گەشەی عەقلی و پەروەردەیی منالّ.

لەهەمان کاتدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ڕێگەی پراکتیزمەکردنی چەند چیرۆکێك، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ڕادەی ڕۆشنبیری چیرۆکنوسی کورد، لە ڕووی تێگەیشتنی فۆڕمی چیرۆك بە شێوەیەکی گشتی و چیرۆکی منالان بە تایبەتی، نزیکە لەو تەکنیکانەی کە لە بازنەی ئەدەبیاتی جیهانیدا بەکارهاتووە و ڕێژەی سوود وەرگرتن لە کلتورە جوان و هونەری و ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی‌یەوە.

ئەگەرچی یاسایەکی گشتی هەیە سەبارەت بە پێشبینی شێوەی تێگەیشتن لە واتای دەق پێش داڕشتنی بۆ چوار چێوەیەکی ئەدەبی و زمانی، بەلاّم ئەمڕۆ زۆرینەی نووسەر و شاعیران گرنگی بە بابەتی گەیاندن نادەن ، بۆ نموونە، لە هۆش و بیری نووسەرەوە بۆ هۆش و بیری منالّ، بۆیە یەکەم شتێك کە بۆ نووسەر گرنگە چۆنێتی گەیاندن و ئاوێتەکردنی بابەتەکەی و ئەزموونەکەیەتی کە نرخ و بەهای بەرهەمەکەی لەسەر ڕائەوەستێ.. لەگەڵ ئەمەشدا، نووسەر، لە هەموو حاڵەتەکاندا، پێویست ناکات لەو پرسیارەدا بێت ئایا وەرگر بەرهەمەکەی پەسەند دەکات یان نا ؟[1].. چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە لە نێوان وەرگر و دەقدا، کە ئەویش پەیوەندی ئەزموونی مرۆڤایەتیە کە لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنی خوێنەر و دەقەکە سەرهەڵ ئەدات. خوێنەریش بەپێی ئەم بۆچوونە، لە کاتێکدا کە پێشوازی لە دەقەکە دەکات، بەپێی فەرهەنگی ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ زانین و شارەزابوونی لەو ووشە و فرێزانەی کە نووسەر لە کاتی نووسینەکەیدا بەکاری هێناون، لێرەشەوە سیمانتیکای وشەکان لە ڕووی واتاوە هەمە چەشنە و فراوان دەبن، وەك تەکنیکێك، دواتر دەقەکە توانای ئەوەی دەبێت کە نرخ و بەهای نوێ لای خوێنەر دروست بکات[2]..

لەگەڵ ئەوەی (درایدا) جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە دەق لە ئایندەدا دەبێتە موڵك و

خاوەنی خوێنەر[٣]، بەڵام هەندێ بۆچوونی تر وەك تیوریەکەی بیریاری ئەڵمانی (ئایزەر)، جەخت لەسەر کرداری کاریگەری و بەیەك گەیشتن دەکات کە بە پێی دوو ڕێبازی ئاڵوگۆڕ ئاڕاستە دەبێت – لە دەقەوە بۆ خوێنەر و لە خوێنەرەوە بۆ دەق[٤]، واتە بەبارستایی ئەوەی دەقەکە کەرەستەکانی خۆی پێشکەش بەخوێنەر دەکات، خوێنەریش بۆی هەیە ڕەهەندی نوێ بخاتە سەر دەقەکە کەهەرگیز بەئاشکرا لەدەقەکەدا بەدی ناکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە لەسەر خوێنەر پێویستە بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی سێ چالاکی بنچینەیی لەشیکردنەوەی دەقدا بکات:

–هەوڵدان، وەك کارێکی بزێوی، بۆ تێگەیشتن لەسروشتی تایبەتی و دەروونی و نهێنییەکانی دەق.

–هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو شێوازی هونەری و زانستییەی کەنووسەر پەیڕەوی کردووەو ئەو ڕێبازەی کەپیادەی کردووە لەپیشاندان و ئەنجامدانی وێنەبیری ڕووداوو کردارەکان لەدەقەکەدا بەمەبەستی ڕازیکردنی خوێنەر بەڕاستییەکان.

–بایەخدان بەڕادەی دروستی و ڕاستگۆیی دەقەکەو پراکتیزەکردنی لەژیانی ڕۆژانەدا، چونکە لەهەندێ کاتدا بەهۆی نەزانین و بێ ئاگاییەوە نووسەر هەرەس دەهێنێ بەرامبەر بەڕاڤەکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو، لێرەدا ئەم جۆرە چیرۆك نووسە جێگەی متمانە نابێت بۆ خەڵکی و خوێنەر[٥].

لەکاتێکدا کەچیرۆك دەچێتە ناو زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە لەبەر ئەوەی دیاردەیەکە لەدیاردەکانی ڕەوشتی مرۆڤایەتی و ئەرکەکەشی بریتییە لەدەربڕینی هزر، ئەوا لەهەمان کاتدا لەئەنجامی کاریگەریی ئاڵوگۆڕ لەنێوان خۆیی و تەوژمە بیری و زانستییە نوێکانی تردا وەك زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی دروست بووەو تا بۆتە بەشێك لەوان. لەبەر ئەوە زانا دەروونناسەکان لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ چیرۆکدا دەکەن، ئەو ڕاستییەیان لادروستبووە کەچیرۆك دیاردەیەکە لەدیاردەکانی مرۆڤ و بەپێی ڕێبازو شێوازە سایکۆلۆژی و سیوسیولۆژی و فیکرییەکانی پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە لەبەر ئەوەی گرنگی بەڕادەی پێزانین دەدات ئەگەرچی ڕادەو ڕێژەی بیروهۆش و وەرگرتن و تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و ڕازی بوونی مرۆڤ جیاوازە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکیتر[٦].

لەئەنجامی ئەو کارلێکەی نێوان چیرۆك و سایکۆلۆژیا، لقێکی سەربەخۆ دەرکەوت بەناوی زانستی دەروونی پەروەردەیی (Education Sychology) لەبەر ئەوەی چیرۆك بەئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لەگۆڕەپانی پرۆسەی پێزانین و هۆشمەندی و بیرییەکانداو چۆنیەتی تێگەیشتنیان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن، لێرەدا دەشێ ئەرکی چیرۆك بەوە دەستنیشان بکەین کە بریتییە لە :

–لێکۆڵینەوەی هزرو بەرهەمی هزرییە.

–گواستنەوەی بیر لەتاکەوە بۆ کۆ (خەڵك)، لەگەورەوە بۆ منداڵ و بەپێچەوانەوە.

–سەلماندنی ڕاستیە بابەتیەکان بەشێوەیەکی گونجاو پەیوەندی لەگەڵ یاساکانی زانین و پێزانین و هۆشمەندییەوە.

–دابینکردن و سوودبەخشی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاو ئارەزووەکانی.

–زانینی ڕەوشتی تاکەکەس لەڕێگای یاساو ڕێنماییەکانەوە.

–پێکهێنانو کارلێککردن لەنێوان تاکەکاندا (من، تۆ، ئێمە، ئەوان).

–کرداری لەیەکتر گەیشتنو گواستنەوەی ئەزموونە مرۆڤایەتییەکانو بەدەستهێنانی زانینو ڕوونکردنەوەو داماڵینی ژینگەو بارە کۆمەڵایەتیو ڕامیاریو هزرییەکان.

–فراوانکردنی مەودای ئەندێشەو کاریگەری لەڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەدەربڕینو گەیاندنو تێگەیشتنو وەرگرتنو هەڵچوونو سەرچاوەو بنەماکان کە ئەمانە تێکڕا، لەلایەن (یاکۆبسنەوە) لەکاری زمانەوانیدا، جەختی لەسەرکراوە[٧].

لەبەر ئەوە چیرۆكو هزر پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی توندیان بەیەکەوە هەیەو بەشدارن لەپرۆسەی تێگەیشتنو هۆشمەندی مرۆڤداو خەڵکی ڕاستییە بابەتییەکانی بەشێوەیەکی جیاواز دەبینێ، هەروەها زانینە سایکۆلۆژیو سیوسیولۆژیو فیکرییەکان لەڕێگەی وێنەی چیرۆکە جیاجیاکانەوە هەست پێدەکەن هەر لەمنداڵەوە تا جیهانی هێماو ئاماژەکان، هەر لەبەر ئەمەش منداڵو گەورە ئارەزووی گوێ بیستی چیرۆكو بابەتە جیاوازەکانیەتیو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کەتێی بگەنو بەشێوەیەکی گونجاو وەریبگرن تا دەگاتە ڕادەی ڕازیبوونێکی تەواو بەهوشیارییەوە بێت یان بەناهوشیارییەوە، لەهەمان کاتدا هەوڵی جێبەجێکردنی بەشەکانو زانیارییەکان، وەڵامی پرسیارەکانو بەدەرخستنی ماناکانو سوودوەرگرتنیان لەئێستاو ئایندەدا دەدەن، بەڵام لێرەدا گرفتی سەرەکی بۆ زانینو تێگەیشتنی ئەم ڕاستییانە بەشێوەیەکی تێروتەسەل دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی دەستنیشانکردنی تەمەنو ڕێژەی زیرەکی لەنێوان منداڵانداو ڕێژەی توانا لەنێوان نێرو مێدا، لەبەر ئەوەی سەلمێنراوە کە لەنێوانیاندا ماوەیەکی هۆشمەندیو عەقڵی هەیەو هەریەکەیان لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەزووترین کاتو شێوەو شێواز لەداتاکانی دەرەوەو ناوەوە تێبگاتو گرێیان بدات[٨]، بەم تێگەیشتنە چیرۆك بریتییە لەکۆمەڵێ ڕاستی قووڵو ئاسان –شاراوەو دیار– کەپەیوەندیدارە بەڕەوشتو ڕاڤەکردنیەوە لەگەڵ ئاماژەپێدانی تایبەتی بۆ کرداری هۆشمەندیو تێڕامانو تێگەیشتن لەهەموو گرفتە پراکتیکیو زانستییەکان کە بەرەوڕووی کرداری پەروەردەیی دەبێتەوە، کەئەمەش، هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە، زیاتر نزیکە لەزانستی کۆمەڵناسیو دەروونی، لەبەر ئەوەی چیرۆك "هێزێکی فیکریو کۆمەڵایەتیو پێداویستییەکانیەتی"[٩].

یەکێك لەو هۆکارانەی کەدەبێتە هۆی گونجاندنو ڕاهاتنی خەڵك بەشێوەیەکی گشتیو منداڵ بەتایبەتیو چێژوەرگرتنیان بەلایەنی هێزی بیرو ڕەوشت دەزگایەکە کەڕێگە بەگەشەی توانای بنیادنانو داهێنانو بەرهەمی بەردەوامیو چالاك دەدات، چونکە لەهەموو کاتو شوێنێکدا تێبینی دوو هێزی کۆمەڵایەتی سەرەکی دەکرێت، یەکێکیان هێزی تێکدەرەو ئەوی تریان لەپێناوی بونیادو خولقاندنو ڕاگرتنی هاوسەنگێتیدا کاردەکات[١٠]، هەروەك لەچیرۆکدا بەدیدەکرێت کەڕەگە فیکریو هونەریو بینای کارکردنە واقعیەکە دەگەڕێتەوە بۆ یاسایەکی دانراو لەکاتێکدا ئەم یاسایە خۆی بۆ خۆی بزووتنەوەیەك بوو کەلایەنگری زانستو زانینە میتافیزیقیە ترادیشنەکانو لۆجیکی ئەزموونەکانی دەگرت کەئامانجی سەرەکی بریتییە لەگەیشتن بەبیری یاساکان کەڕووداو

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ملکەچی دەبن، ئەم دیاردەیە وای بۆ دەچێت کەبیری چیرۆك فەرمان دەدات و لەڕێگەیەوە مرۆڤایەتی دەگات بەبازنەی یەك باوەڕی و جێگیربوونی راستییەکانی نموونە باڵاو بەرقەراربوونی دادوەری مرۆڤایەتی کە لەسەر بنچینەی باوەڕێکی قووڵی راستەقینەی مافی تاکەکەس بنیاتدەنرێ[11]، هەر لەبەر ئەمەشە کەیاسا دانراوەکان لەڕێگەی راستییەکانەوە هاتووە کەپڕە لەجیاوازی و دژایەتی[12]، چەرخی هەژدەی زایین لەڕۆژهەڵات و بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی وەرچەرخان و سەرەتایەکی نوێیە لەکاتێکدا چەندین گۆڕانکاری بەرپابوو لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییەوە کەپەیوەست بوو بەگەشەی فکری و رۆشنبیرییەوە[13]، لێرەوە بانگەوازی چیرۆك بریتی بوو لەزۆرداریی رژێمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و دژایەتیکردنی یاساو دەستوورە دانراوەکان کەزۆربەیان بەخواستی کۆمەڵ و کۆمەڵگا نەهاتوونەتە کایەوە کەئەمانە خۆی بۆ خۆی وەك دژایەتی و ململانێیەك کاریکردە سەر ئاستی هەستی نەتەوایەتی مرۆڤو هەڵوێستە جیاجیاکان، ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەستنیشانی حاڵەتی منداڵ لەکاری چیرۆکدا دەکات لەگەڵ گەشەسەندنی توانای داهێنانیان لەڕێگەی دیاریکردنی کرداری رازیبوون و توانایییە زانستی و پەروەردەیی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە و هەر لە زۆر کۆنەوە.. چیرۆکنووسەکان هەمیشە لەچیرۆکەکانیاندا بەهوشیارییەوە بووبێت یان نا هەستی خوێنەریان جووڵاندووە بەلای خۆیان و دەقەکەیانداو لەڕێگەی توانا زانستی و پەروەردەییەکان و لەولاشەوە جوانی رەوانبێژی وەك رونبێژی و واتاداریی و جوانکاریی کاریان لەخوێنەر کردووە و[14] توانیویانە لەبازنەیەکی زانین بیگوێزنەوە بۆ بازنەیەکی تری گەورەتر، کەئەمەش زیاتر خۆی لەتێگەیشتن و وەرگرتن و دەربڕین و هەڵوێستی دواڕۆژی خوێنەردا دەبینێتەوە کەئەمە ئەمڕۆکە ناودەنرێ بە کاری قایل کردن و یەکەم کەس لەمێژووی ئەدەبدا باسی لێوەکردبێت ئەرستۆیە کە لەکتێبەکەیدا بەناوی (هونەری دواندەری) بەم شێوەیە لێی دەدوێت کەدواندەری بریتییە لە "دۆزینەوەی رێگا گونجاوەکانی رازیبوون"[15]، واتە بریتییە لەو حاڵەتە ناوەکی و دەرەکییانەی کەڕەفتاری مرۆڤ دەجوڵێنێ و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاراستەی دەکات[16]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەپێویستە جۆرە یەکگرتن و پەیوەندی و رێکەوتنێك هەبێت لەنێوان دەقی چیرۆك و منداڵدا کەزۆر لایەنی هەستی و پەروەردەیی و زانستی و تاقیکردنەوە دەگەیەنێت، چونکە بەبێ ئەمە ناتوانرێ دیراسەی هۆشمەندی ئاشکراو شاراوەی کاری رازیکردن بکرێت لەتەکنیك و هونەرەکانی رازیکردن.

چیرۆکنووس پێویستە ئاگاداری تەواوی راستییەکانی زانستی دەروونناسی پەروەردەیی و گەشەکردن و کۆمەڵناسی بەسروشتی قۆناغەکانی تەمەنەوە هەبێت کەخۆی مەبەستێتی، چونکە گشت ئەزموون و زانیارییەکانی دەچنە پاڵ زانیاری ئەزموون و رەفتاری شارەزایی و کەسێتی کۆمەڵایەتی منداڵ، واتە لەسەر چیرۆکنووس پێویستە کەهەوڵی جێبەجێکردنی بۆچوونە سایکۆلۆژی و سیوسیولوژی و فیکرییەکان بدات و هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بدات بۆ چوونە ناو بازنەی زانینی منداڵ و کارتێکردنیان، دواتر رازیکردنیان بەشێوازێك کەکاردانەوەی خراپی لەدواوە نەبێت، چونکە رازیکردن لێرەدا خۆی بۆ خۆی بریتییە لەقوتابخانەو دەرسەکانی

پێویسته مەشقی لەسەربکرێت، لەبەر ئەمە دەبێ پەیوەندی کارلێك و کارتێکردن و کارتێکردنی ئاڵوگۆڕ هەبێت لەنێوان چیرۆکنووس و منداڵدا، چونکە زانستی دەروونی پەروەردەیی و گەشەکردن خۆی بۆ خۆی زانست و هونەرەو ناوەڕۆکەکەی پڕە لەکۆمەڵێ زانیاری بەنرخ سەبارەت بەمرۆڤ و جۆری حوکمکردنی لەژینگەی رەفتارو رەوشتی کۆمەڵدا لەپێناو بەدیهێنانی کارە باشەکانی رەفتاری منداڵدا، پێویستە چیرۆکنووس ئاگاداری ئەو میتۆدو شێوازانە بێت کەدەبنە هۆی بەدەستهێنانی ئەو کارە باشەو هێزەکەی لەڕووی کارتێکردن و کارلێکردنەوە کەئەمانە ئامانجی پەروەردەیین لەناو چوارچێوەی دەزگا پەروەردەییەکاندا، چونکە زانینی تایبەتمەندێتی گەشەکردنی منداڵ لەهەریەکێ لەقۆناغەکانی تەمەنیدا یارمەتیدەرە بۆ پەیداکردنی جۆرەها چالاکی جەستەیی و هۆشی و کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ توانای تاکەکەسدا دەگونجی"[17]، لێرەدا چیرۆك هەوڵ دەدا مێشکی منداڵ گۆش بکات و پڕیکاتەوە بەچەندین راستی ژیان، رازی بن پێی یان نا، هەروەها چیرۆك پێداویستییەکانی منداڵ لەڕووی سایکۆلۆژی و سیوسیولوژییەوە دابین دەکات وەك هەستکردن بەخۆشەویستی و سۆزداریی و بەزەیی و سەربەستی و یاساو ئاکارو داهێنان و گەشەکردنی ئەندێشەو هەست و چێژو ویژدانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و ئایینی، ئەمانە هەمووی ئەرکی سەرەکی چیرۆکنووسن بەمەرجێك بەزۆرەملەیی نەیسەپێنێ بەسەر منداڵاندا ، بەڵکو پێویستە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی گونجاوو لەباربێت بەپێی رادەی تێگەیشتن و وەرگرتنی هۆشی منداڵ و رادەی زیرەکی و خوێندەوارییان، گرفتەکانیش دەبێت لەخودی ژینگەی منداڵەوە هەڵقوڵابێت بەپێچەوانەشەوە منداڵ بەکارەکە رازی نابێت.

گومان لەوەدا نییە کەجیاوازی هەیە لەڕەوشت و رەفتارو بیرکردنەوەی منداڵدا، تەنانەت مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، جیاوازییان هەیە لەتواناو دەسەڵات و تایبەتمەندیاندا، هەروەها لەڕووی هێزی زانین و لاوازیشەوە ئەشێ منداڵ زۆر زیرەك بێت، بەڵام لەتوانادا لاوازبێت[18]، مەبەست لەمەش شێوازی چاودێری و ئاگالێبوونی منداڵەو ئاراستەکردنی و رێنمایی و بایەخپێدانیەتی، چونکە هەر منداڵە بەپێی ژینگەو بارودۆخ و پێوەری کات خاوەنی تواناو بایەخپێدان و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی هەیە کە لەگەڵ هاوڕێکانی تریدا جیاوازە، لەبەر ئەوە ناشێ منداڵان لەهەموو روویەکەوە وەك یەك بن و وەك یەکیش سەیری شتەکان بکەن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و یەك شێوەو خاوەنی یەك توانابن لەهەموو روویەکەوە، چونکە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و منداڵ بەتایبەتی زیندەوەرێکی نەگۆڕو یەکگرتوو نییە، بەڵکو هەمیشە لەگۆڕان و گەشەو جووڵەو کارلێکردندایە لەگەڵ خۆی و ژینگە میتریاڵ و کۆمەڵایەتییەکاندا کەخۆی سەری تیاهەڵداوە[19]، لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین کەچیرۆکنووس لەزۆر حاڵەتدا پشت بەپێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت لەشیکردنەوەی زۆر لەدیاردە رەوشتییەکانی کۆمەڵدا، بۆ نموونە گەڕان بەدوای هەستەکان و جۆری کێشەکانی و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنیان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بەدەرخستنی بنەمای راستی و ناڕاستی بابەتەکان و گەیشتن بەدوابڕیار، ئەگەرچی چیرۆك نووس بەئاشکرا ناتوانێت دیراسەی بارودۆخەکان لەڕووی توانای پێوانەکردن، تێگەیشتن و

پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان و توانای ڕەفتارو ڕەوشتی منداڵ لەبیرکردنەوەی بونیاتە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم نووسەرە هەوڵدەدات پەیوەندییەک دروست بکات لەنێوان ناوەڕۆکی بیرۆکەکەیی و منداڵدا بەبێ ئەوەی ئاماژە بەبارودۆخ و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەکاری چیرۆکنووس ئەوە نییە هەموو زانیارییەکان بزانێت ئەگەرچی زانستی دەروونناسی هەمیشە جەخت لەسەر کۆمەڵێ بنەماو ڕاستی دەکات کەهەوڵی لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی ڕەفتارو شێوازی هەڵسوکەوتی منداڵ دەدات کەئەمە خۆی لەخۆیدا کاردەکاتە سەر چیرۆکنووس بۆ ئەوەی لەکارەکەیدا بەردەوام بیت. بەمانایەکی ڕوونتر ئەرکی چیرۆکنووس ئەوە نییە کەهەموو شتێك بەپێی پێوانە لۆجیکییەکان بزانێت، چونکە لەبنەڕەتدا ناتوانێت دەرك بەو جیاوازییە گەورانەی نێوان منداڵان بکات لەڕووی زیرەکی، ڕادەی وەرگرتن و توانای هۆشمەندییانەوە، چونکە باشترین چیرۆکنووسی منداڵان ناتوانێت هەموو زانیارییە فیکریی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و سیاسییەکانی خۆی بدات بەخوێنەر بەتایبەتی منداڵان و تەنها شتێك لێرەدا کەدەتوانێت بیکات ئەوەیە کە ئەو جۆرە خوێنەرە بجولێنێ بەرەو زانیاری و ئەزموونەکانی تا بەشێوەیەکی گونجاو سروشتی، بەبێ تەوژم، سوودیان لێ وەربگرێت، لەبەر ئەوەی خوێنەری منداڵ زیاتر بەئەزموون و هەوڵدانی خۆی دەتوانێت کارەکان ئەنجام بدات، هەڵەکان لەڕاستییەکان جودا بکاتەوە، لێرەدا پێویستی سەرشانی چیرۆکنووس ئەوەیە کەبارودۆخێکی گونجاو بڕەخسێنێ بۆ منداڵان تاکو بتوانێت بەزووترین کات و ڕێژە سوود لەئەزمونەکان وەربگرێت، بەم پێیە بەرپرسێتی وەرگرتن و پەیوەندی و تێگەیشتن دەکەوێتە سەر خاوەن دەق و خوێنەرەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردەی نوێ و هاوچەرخ جیاوازی نێوان منداڵان لەبەرچاودەگرێت کە لەتوانای جەستەیی و هۆشی و ئامادەباشی و وەرگرتن و ئارەزووو تایبەتمەندی و بایەخدان و ئەزموون و زانیندا دەردەکەوێت.

لێرەدا پێویستی چیرۆکنووسە کەڕەچاوی گشت ئەم بارودۆخانە بکات بەتایبەتی لەگەڵ حاڵەتی کێشەو گرفتەکان، بۆ نموونە ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کەهەموو منداڵەکان وەك یەك پەرۆش بن بۆ چیرۆکێکی دیاریکراو، بەڵام لەڕێگەی گونجاندن و ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی منداڵ لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەوا ئەوکاتە چیرۆکنووس دەتوانێت منداڵ لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هۆشییەوە بسازێنێ و نزیکیان بخاتەوەو ڕازییان بکات، لەبەر ئەوە تەکنیك و وریایی و لێهاتوویی چیرۆکنووس بەرامبەر بەمنداڵ نەشونماکردنی هۆش و زانیاری و گەشەی دەروونی و هاندەری و کۆمەڵایەتی و گیانی و ئایینی و ئاکاری و بەرجەستەکردنێتی لەئایندەدا، لەبەر ئەوەی چیرۆك لەکۆن و نوێدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی ناوەوەو دەرەوەیە کەئامانجی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کەڕووبەڕووی تاك یان کۆمەڵ دەبێتەوەو پێداویستییەکانیان و بایەخدان و ئارەزووەکانیان تێردەکات و ئامادەیی توناو زیرەکییان گەشەپێدەدات و کەسێتییەکی توندوتۆڵ و پتەوو شیاو دروست دەکات کەتوانای هەستی لێپرسینەوەیان هەبێت و هەست بەئەرکی مرۆڤایەتی و نیشتمانی بکەن و گوێڕایەڵ و ڕێزگربن لەیاساو ڕێساکانی کۆمەڵگاو پشت بەستنی بەخۆو باوەڕی بەخۆی بێت[٢٠]، هەروەها بنیاتنانی داب ونەریتی چاك وەك سەرڕاستی و

راستگۆیی و وەفاو ئازایەتی... هتد ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کەچیرۆك هەمیشە لەهەوڵی دروستکردنی کەسێتییەکی لێهاتووو بەتوانادایە، ئەویش لەڕێگەی پەیوەستکردنی چەمکەکانی وانەی چیرۆك بەژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و میتریالی منداڵەوە کە لەئایندەدا هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت.

لێرەدا دەتوانین بڵێین، ئەرکی چیرۆك لەگەڵ ئەوانەی کە لەپێشەوە باسمان لێکرد، بنیاتنانی کەسێتییەکی باشە لەڕەفتارو لەکۆمەڵداو سوودوەرگرتنی لەتاقیکردنەوەکانی ژیانی رۆژانە، ئەمەش لەپێناو رێکخستنی کۆمەڵدا بەشێوەیەکی گشتی و منداڵ بەشێوەیەکی سادەو ساکار، لەهەمان کاتدا گەشە بەبیرو مێشك دەدات و چەندین وریایی و فێرکردن و زانیاری دروست دەکات تاکو مرۆڤ لەهەموو حاڵەتەکاندا ئاوڕیان لێ بداتەوەو سوودیان لێ وەربگرێت و لەڕێگەیانەوە خۆیان لەکێشەکان رزگاربکەن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەبڵێین ئەرکی چیرۆك زۆر فراوان و گشتییە کەمنداڵ سوودی لێ دەبینێ لەچەندین رووی فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە وە لەڕێگەیەوە دەتوانێت بگەڕێت بەدوای دیاردەکانی ژیانداو لەچۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ کردنیان تێبگات ...[٢١]، بەپێچەوانەوە منداڵ لەلایەکەوە سوود لەناوەڕۆکی چیرۆکەکە نابینێ، لەلایەکی تریشەوە رازی نابێت بەبیروبۆچوونەکانی چیرۆکنووس ئەگەر چیرۆکنووس ڕەچاوی ئەم ڕەگەزانەی لای خوارەوە نەکات :

## یەکەم / هاندەرایەتی :

ئەمە کۆمەڵە یاسایەکی ناوەوەو دەرەوەیە کەمنداڵ دەبزوێنێ و دەیجوڵێنێ لەقۆناغێکی فیکرییەوە بۆ قۆناغێکی فکری باشتر، ئەمەش لەپێناوی راگرتن و هاوکێشەکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا، پارێزگاری لەبەردەوام بوونیان دەکات تا ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆیان بەدی دێنن.

لەبەر ئەمە مانای هاندەرایەتی بەکاردێت بۆ روونکردنەوەی حاڵەتە سایکۆلۆژی و سیوسیولۆژی و فیکرییەکان کەمرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی پێویستی پێیانە، دیارە ئەمەش لەپێناو بەئاگابوونی لەژینگەو دەوروبەرەکەیدایە، هەروەها سوودبەخش دەبێت بۆ گونجاندنی منداڵ بەوجۆرە ژینگەیەو گەشەی چالاکییەکانی و بەدەرخستنی و دۆزینەوەی ئارەزووەکانی و سوودوەرگرتن لێیان(٢٢)، چونکە منداڵ گەر ئارەزووو توانای هەبێت و هەلی بۆ برەخسێت ئەوا فێر دەبێت، وە ئەگەر فێربوونەکەی ئامۆژگاری لەگەڵدا بێت ڕادەی ڕۆشنبیری زیاتر دەکات و زانینی فراوانتر دەبێت. ئەبێ ئەوەش بزانین کە "توانا و هەل و ڕێنمایی سوود بەخش نابن ئەگەر کەسەکە خۆی ئارەزووی لەسەر فێربوون نەبێت یان هۆکارێك نەبێت کە هانی بدات بۆ فێربوون، چونکە فێربوون بەبێ هاندەر ئەنجام نادرێت وە هەر چەند هاندەرەکە بەهێز بێت کاریگەری فێربوونەکە زۆرتر و فراوانتر دەبێت"(٢٣).. کەواتە بۆ ڕوودانی کرداری فێربوون لای مناڵ پێویستە هاندەرێك هەبێت تا پاڵ بە مناڵەکەوە بنێت و بەرەو بازنەیەکی زانینی بەرێت و لە ناویدا خۆی

هیلاك و ماندو بكات تا فێری واتاكانی ژیان بێت وەك ئازایەتی، چاونەترسی، ڕاستگۆیی، دەست پاكی، هەڵوێست.. تا دواتر ببێتە خاوەنی هوشیاریەكی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كە لە ڕێگەیەوە بتوانێت بەسەر ئەو كێشانەدا زاڵ بێت كە ڕۆژانە بەرەو ڕووی دەبێتەوە. بەم پێیە سروشت و چەمكی هاندەرایەتی و پەیوەندی بە منداڵەوە یاریدەی چیرۆكنووس دەدات بۆ تێگەیشتنی چەندین هۆكاری كاریگەر لە توانای منداڵ و ئارەزووەكانی و زانینی ڕەفتار و كەسێتی و ژینگە و بۆچوونە كۆمەڵایەتیەكان.. هەر لەبەر ئەمەشە زانایانی دەروونناس چوار تیوری گرنگ و ناسراویان بۆ هاندەرایەتی داناوە : تیۆری یەكگرتن، تیوری زانین و شارەزابوون، تیوری مرۆڤایەتی و تیوری شیكاری دەروونی(٢٤).

دووەم / شێواز :

ئەرستۆ لە كتێبی دواندەریەكەیدا سێ شێوازی ڕازی كردنی دیاری كردووە و ئەوەی خاوەنی ئەو سێ شێوازە بێت "پێویستە توانای بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا بشكێ.

١- بیركردنەوەی لوجیكی. ٢- تێگەیشتن لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی و چاكە و شێوازەكانی. ٣- لەهەڵچوونەكان تێبگات"(٢٥).

لە شوێنێكی تردا دەڵێت "ئەوە بەس نیە كە مرۆڤ بزانێ پێویستە چی بڵێت بەڵكو پێویستە لەسەری كە بزانێ چۆنی دەڵێت"(٢٦).

لەمانەش زیاتر، گرنگترین تایبەتیەكانی شێوازی نووسینی چیرۆك لای منداڵ ئەمانەیە :

أ- ڕوونی و ئاشكرایی :

لەسەر چیرۆك نووس پێویستە وشەی ئاسایی و پڕ واتا و بەكارهاتوو بەكاربهێنێ نەك وشەی بێ مانا.. چونكە زۆرینەی منداڵ لەمانا فەلسەفی و ئەدەبی و سیاسیەكان تێ ناگەن كە ئەو جۆرە وشانە قورسایی و گرانیەك لەسەر دەروون و بیری منداڵ درووست دەكەن، لە بری ئەو وشە بێ واتایانە پێویستە چیرۆكنووس جەخت لەسەر هەست و سوز و واتا و بۆچوونەكان و تێبینی كردن و زانیاری كۆكردنەوە و شارەزابوون دەربارەی دیاردە سروشتیەكانی دەورو بەر بكات..

ب- گەشە بە فەرهەنگی زمانەوانی ووشەی ڕۆژانە بدات تا بیگونجێنێ لەگەڵ بابەتە ئەدەبیەكاندا، لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە ڕۆنانی زمانەوانی و چۆنیەتی ڕێكخستنی وشەكانە لە ڕستەدا بە مەبەستی كاریگەری لەسەر منداڵ.

جـ- هەڵە چنی و سەرلەنوێ چوونەوە بەسەر داڕشتن و وشەكاندا بێ ئەوەی ڕەسەنایەتی دەقەكە لە كیس بدات هەروەك ئیرنست هەمەنگوای لە كارەكانیدا ئەنجامی داوە(٢٧). دوای ئەمە چیرۆكنووس پێویستە بیرە گشتیەكان لابخات و بایەخ بە وردەكاریە هەمە ڕەنگەكان بدات و پەسەندیان بكات و سوود لە چەندین یاسا و زانیاری گرنگ و نوێ وەربگرێت كە كرداری نەشونما و جەستەیی و هۆشی و زانین و هەڵچوون و دەروونی ئاسان دەكات هەروەك لە چیرۆكە زانستیەكاندا بەدی دەكەین وەك كۆمەڵە چیرۆكی (دە چڵ نێرگز)ی محمد رحیم ڕەمەزان(٢٨).

دوای تێگەیشتنی ئەم جۆرە بابەتانە، چیرۆكنووس پێویستە هەوڵی ئەوە بدات شتە وردەكان بگوێزێتەوە بۆ بازنە گەورەكان بەشێوەیەكی لوجیكی و ڕێك و پێك، واتە پێویستە كرداری وەرگتنەكە سروشتی بێت و بەپێی توانای كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی مناڵ بگونجێت.. بەمانایەكی وردتر، گواستنەوەكە پێویستە وردە وردە بێت و خێرا و لە پڕ نەبێت هەروەك لە چیرۆكی گەورەكاندا بەدی دەكەین بۆ نموونە لە ئاسانەوە بۆ ئاڵۆز یان لە هەست پێكراوەوە بۆ هەست پێ نەكراو. لەبەر ئەمە، لە پێناوی داڕشتنی چیرۆكێك بۆ منال و چێژ وەرگرتن لێی پێویستە هەر وشەیەك لە وشەكان گرنگی و جێگای گونجاوی خۆی هەبێت و بە شێوەیەكی گشتیش ئەم جۆرە چیرۆكانە لە وێنەكانیدا دەبێت كارئاسانی بكات و ئاسان بێت(٢٩).

بە واتایەكی زۆر وردتر، منال لەسەرەتاوە بیرێكی گشتی وەردەگرێت سەبارەت بە بابەتەكە و دواتر بەپێی توانای ڕۆشنبیری و زانستی خۆی دەچێتە ناو شیكردنەوە و وردەكاریەكان و پێكهاتەكانی بە شێوەیەكی دوور و درێژ بەبێ ئەوەی هیچ بۆشاییەك و لادانێك دروست بكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەمنداڵ لەكاتی خوێندنەوەو گوێگرتن لەچیرۆك مەشق لەسەر پرۆسەی بیركردنەوە دەكات كە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەكی لۆجیكی دەگوێزرێنەوە بۆ توانای فیكرو دەربڕینو بنیاتنان كەئەمەش بێگومان بەبێ وەرگرتنی چۆنیەتی ناوەڕۆكی چیرۆكەكە ئەنجام نادرێت ئەگەرچی چەندین جۆری بیركردنەوە هەیە هەندێكیان نزیكو هەندێكی تریان دوورنو هەندەكەی تریشیان پەرشو بڵاوە.. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە چیرۆكنووس لەشێوازی ناڕێكوپێكو قورسو نالەبار دووركەوێتەوە، چونكە ئەم جۆرە شێوازە هیچ كارێكی باشە دروست ناكات لەسەر هەستی منداڵ، بەپێچەوانەوە دەیانوروژێنێ بەرەو ئاسۆی شتە ناڕێكوپێكەكان.. بۆ ڕاگرتنی هەستی منداڵ كەهەستێكی ناسكو سەرەتایە، دەبینین هەندێك لەچیرۆكنووسەكان لەهەندێك لەچیرۆكەكانیاندا پەنایان بردۆتە بەر شێوازی شیعری نەرمو وێنەگرتنی ساتە پێویستەكانی باری دەروونیو كۆمەڵایەتی منداڵ.

سێیەم / خودێتیو بابەتی:

پێویستە لەسەر چیرۆكنووس مەرجی بابەتیو خودێتی بەرجەستەبكاتو هاوێنەكانی مێشكی تەرخان بكات بۆ ژیانی رۆژانەی خەڵك بەشێوەیەكی گشتیو تایبەتمەندیو هزرو رەفتارەكانی منداڵ بەتایبەتی ئەگەر لەماڵەوە بێت یان قوتابخانە یان هەر جێگەیەكیتر، لێرەدا پێویستە بوترێت، بەرلەوەی چیرۆكنووس لەهەوڵی رازیكردنی منداڵدا بێت، پێویستە پێش هەموو شتێك ئەوەی كەدەینووسێ خۆی پێی رازی بێت كەئەمەش بەبێ رازیكردنی خوێنەریش لاسەنگ دەبێت. بۆیە پێویستی سەرشانی چیرۆكنووسیش نییە تەنها خۆی لەپرۆسەو ناوەڕۆكی بابەتی چیرۆكەكەیدا بەشداری بكات، بەڵكو پێویستییەكە لەوەدایە كەدەبێت چۆن منداڵ (بۆ نموونە) قایلو رازی بكات، ئاگاداری ئەوەشین كە لەنێوان بیرو هۆشو هزری چیرۆكنووسو منداڵاندا بۆشاییەكی فراوانو گەورە هەیەو چیرۆكنووس، دەبێت لەهەوڵی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا بێت

تاكو منداڵەكانی بەرامبەری بەشێوەیەكی باش و گونجاو بەبێ گوشار بچنە ناو كرۆكی بابەتی چیرۆكەكەوە.

ئەمڕۆ خوێندنەوەی منداڵ بۆ چیرۆك وەك یەك نییەو زۆربەیان حەزو ئارەزوویان لەچیرۆكی ئەكشن و پاڵەوانێتی و دنیای دەرەوەو خەیاڵی زانستییە كەئەمانە تێكڕا دوورن لەڕاستی و ژیان، هەندێكی تریان حەزیان بەچیرۆكی مێژوویی و ڕۆمانسی و ڕووداوی ڕاستەقینەیە، هۆكاری ئەم جیاوازییانەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی تایبەتی منداڵ و كاریگەریی ژینگەو ڕادەی زیرەكی لەنێوانیاندا بەشێوەیەكی گشتی و كچ و كوڕ بەتایبەتی لێرەوە لەسەر چیرۆكنووس پێویستە ئاگاداری ئەم ڕاستییانە بێت و كارەكانی تێكەڵ بەیەكتر نەكات و باشتریش وایە ڕێژەی ناوەند وەربگرێت و لەسەری بڕوات و پەیڕەوی بكات، چونكە ناكرێ بەزۆرەملێ و گوشار داوا لەمنداڵ بكرێت كەگوێ لەچیرۆكێك بگرێت كە لەڕادەی تواناو دەسەڵاتی ئەودا نەبێت، كەئەمە كاردەكاتە سەر پرۆسەی ڕازیكردن و باسكردن لەبۆچوونە بینایی و جوانكارییەكانی چیرۆك، بەمانایەكی‌تر لەسەر چیرۆكنووس پێویستە لەهەمان كاتدا خودی خۆیی و خەڵكانیش ڕازی بكات، ئەمەش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەكانیان و دروستكردنی پەیوەندی پەیامداری نێوان خودو بابەت، نێوان چیرۆكنووس و چیرۆكەكەی، نێوان كوێگرو خوێنەرو منداڵ، لەبەر ئەمە پێویستی چیرۆكنووسە كە بەكاری گونجاوی خۆی هەڵسێ بەگوێرەی تەمەنی منداڵ و ڕێژەی زیرەكییان بەبێ تێپەڕبوون و لادان لەیاسا گشتییەكان تاكو خودی خۆی هەرەس نەهێنێ لەبەرنامەكەیداو لەولاشەوە منداڵ هەست بەبێزاری و نائومێدی نەكات لەئەنجامی تێنەگەیشتن و وەرنەگرتنی چیرۆكەكە.

چوارەم / ڕێنماییەكان:

پێویستە ڕێنماییەكانی ناو چیرۆك ڕوون و ئاشكرابێت و هێمن و دیاریكراو بێت و مۆتیفەكانی بەخێرایی نەڕوات، ئەمەش بۆ ئەوەی كاتی تەواوی بیركردنەوەو وەرگرتن و تێگەیشتنی هەبێت، چونكە "بەتاقیكردنەوە سەلماوە كەفێركردن بەڕێنماییەوە زۆر باشترە لەوەی كەڕێنمایی لەگەڵدا نەبێت"(٣٠)، ئەم ڕێنماییانە پێویستە لەدوا ئەنجامدا وێنەیەكی باش نیشان بدات، لەبەر ئەوەی منداڵ زیاتر لەگەڵ نموونە چاكەكاندا هاوسۆزن ئەمەش لەكاتێكدا كە بەراوردی دەكەن لەگەڵ نموونە خراپەكانی كەسایەتییەكان، ڕووداوەكان، وێنەكان.. بۆ نموونە لەچیرۆكی (فێڵی ڕێوی)(٣١) لەنووسینی جەمال نوری، خوێنەری منداڵ هەر لەناونیشانی چیرۆكەكە چاوەڕوانی ئەوە دەكات كەڕێوی، لەڕێگەی تەكنیكێك لەتەكنیكەكانی فێڵ، خۆی بەرامبەر هێزێكی گەورەو دەسەڵاتدار دەربازبكات، ئەمجارەیان ڕێوی كەهەمیشەی كات سەرچاوەی قین و ڕقی پاڵەوانەكانی نێو چیرۆكەكەو خوێنەری منداڵانە لەكێشەی برسێتی و شێری برسیدایەو جۆرە سۆزێك لەلای منداڵ دروست دەكات كە دڵگران بن بەخواردنی لەلایەن پاشای جەنگڵەوە.. لەم چیرۆكەدا نووسەر هەوڵی ئەوە دەدات كەجۆرە ڕێنماو ئامۆژگارییەك بدات بەمنداڵ تا بتوانن لەكاتی ناڕەحەتی و كێشەداو لەڕێگای مێشك و عەقڵەوە، وەك تەكنیكێكی دیبلۆماسیەت، خۆیان ڕزگار بكەن.

هەروەها لەچیرۆکی (بۆچی بۆق مێشوولەی خۆش ناوێت) (٣٢) لەنووسینی فەرەیدون عەلی ئەمین، نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگای رووداوی بابەتەکە کە بەهارو نەورۆزەو کۆمەڵێك ماڵ پێکەوە دەچن بۆ سەیران لەگۆێ چەمێکداو هەروەها کەسایەتی بۆق و مێشووله کە لەوێ ئامادەن، مێشوولەکان منداڵەکان هەراسان دەکەن بەوەی دەنووسان بەدەست و قۆڵ و دەم و چاویانداو دەکەوتنە خۆخوراندن و سەیرانەکەیان لێ تێکچوو، بۆقی هاوڕێی منداڵەکانیش لەولاوە دڵگران بوو لەم جۆرە رەفتارەی مێشوولەو بۆ ئەوەی منداڵەکان زیاتر چێژو خۆشی لەسەیرانەکە ببینن و زیاتریش بمێننەوە لەلای بۆقی هاوڕێیان بەزمانە درێژو لینجەکەیەوە دەکەوێتە وێزەی مێشوولەکان و لوولیان دەدات، ئەمەش لەرووی زانستییەوە ئەوە نیشان دەدات کەمێشووله زیانبەخشەو بەهۆی پیسییەکانیەوە مرۆڤ تووشی چەندین نەخۆشی دەکات و منداڵیش پێویستە ئاگاداری ئەم راستییە بێت و خۆی لەمێشووله بپارێزێت، لەلایەکی ترەوە ئەوە نیشان دەدات کە بۆق سوودبەخشەو دوژمنی سەرەکی مێشوولەو مێش و مەگەزی زیانبەخشە.

لەتیف هەڵمەتیش لەچیرۆکی (خۆرێکی گەورەو باخچەیەکی فراوان)دا (٣٣) هەوڵیداوە کۆمەڵێ ئامۆژگاری و زانیاری و رێنمایی خولقێنەر بدات بەمنداڵان وەك ئەوەی لەکاتی پەڕینەوەیاندا لەشەقامەکاندا ئاگاداری خۆیان بن و لەجێگەی تایبەتەوە بپەڕنەوە، پۆلیس کەپاڵەوانێکی چیرۆکەکەیە بانگی منداڵەکە دەکات لەکاتێکدا منداڵ لەشەقامەکە دەپەڕێتەوە بێ ئەوەی رێنماییەکانی هاتووچۆ رەچاوبکات "کوڕە هۆو چاوت کوێرە ئەوە خەتەکەیە لەولاتەوە بۆ قاچاغ دەڕۆی.. نازانی لێرەوە پەڕینەوە قەدەغەیە"، لەشوێنێکی تردا پۆلیس تۆمەتی دزی دەخاتە پاڵ منداڵەکە، بەڵام منداڵەکە لەوەڵامدا دەڵێت :"نەوەڵا من قەت دزی ناکەم، دزی کارێکی ناشیرینە، دایکم دەڵێ هەرکەسێ دزی بکات ئیتر کەس خۆشی ناوێ"، لەلایەکیتر پۆلیس تۆمەتی ئەوە دەخاتە پاڵ منداڵەکە گوایە منداڵەکە چۆتە ناو دوکانێك بۆ کڕینی چەقۆیەك بۆ ئەوەی پیاوێکی پێ بکوژێت، منداڵەکەش لەوەڵامدا دەڵێت :"نەوەڵا من دڵم نایە مێروولەیەکیش بکوژم، بەخوا دایکم دەڵێ هەر کەسێ ئازاری هەر کەسێ بدات ئیتر لەبەرچاوی خەڵك دەکەوێ و کەس هاوڕێیەتی ناکات"، هەرچەندە ئێمە لامان وایە کەئەوە نابێت رەفتارو هەڵسوکەوتی پۆلیس بێت کە بەزۆر بیەوێ خەڵکی تاوانبار بکات، بەڵام بەلای چیرۆکنووسەوە ئەم رەفتارانە مەغزایەکی سیاسی لەدواوەیە، هەرچی وەڵامەکانی منداڵەکەشە بەگشتی رێنمایی چاکن بۆ منداڵانیتر کەکاروکردەوەی ناپەسند ئەنجام نەدەن، چونکە لەناو کۆمەڵدا سووك و ریسوا دەبن و کەس خۆشی ناوێن.

پێنجەم / بیانوو سەلماندن:

وەك ئەرستۆ دەڵێت بیانو "جۆرێکە لەقایل کردن" چیرۆکنووس لەپێناو رازیکردنی منداڵدا پێویستە کۆمەڵێ بیانوو بێنێتەوە بەمەبەستی قووڵکردنەوەی بۆچوون و رۆڵی فێرکردنی و هاندانی و پێشبینییەکانیدا، دواتر لەهەوڵی ئەوەدا بێت کەمنداڵ وا لێبکات دەرك بەو شتانە بکات کە کەوتوونەتە نێو هەڵوێستە جیاجیاو راستییەکان و رێبازەکان و دۆزینەوەی هەلی گونجاو

لەخولقاندنو داهێنانو فێرکردنی ڕەوشتی هاوبەشو پێداویستییەکانی کەسێتی ئاڵوگۆڕ.

لەلایەکی ترەوە پێویستە چیرۆکنووس لەدواندنەکەیدا جەخت بخاتە سەر ئەو سەرچاوانەی کەزانیارییەکانی لێ هەڵهێنجاوە ڕێژەی وردیو هەڵچوونەکانی (٣٥)، ئەو بیانووانەش پێویستە هێزو توانایەکی ئەوتۆی هەبێت کەهاوبەشی تەواوو ڕاستەوخۆ بکات لەقایل پێکردنو ڕازیکردنی منداڵدا بۆ ئەو کارەی کەمەبەستێتی. بۆ نموونە نووسەری چیرۆکی "بێچووە کۆترە زەردەکە" (٣٦) محمد رحیم ڕەمەزان چەند بەڵگەیەکی بەکارهێناوە، یەکێکیان ئەوەیە لەکاتێکدا بێچووە کۆترە زەردەکە لەهێلانەکەی بەربۆتەوەو لەناو بەفرەکەدا دەزریکێنێت، نووسەر جەخت لەسەر ئەو حاڵەتە دەکات لەکاتێکدا دەڵێت:"ملی بەملاو بەولادا بادەدات" ئەمەش فرەزێکی تەواوکەرە بۆ حاڵەتی پێشوو، لەجێگەیەکیتردا لەکاتێکدا منداڵەکە "نیروان" زۆر ناڕەحەتە بەم دیمەنەو هاوار بۆ باوکی دەبات کەکۆترەکە "خەریکە ڕەق دەبێتەوەو دەمرێت" باوکیشی لەوەڵامدا دەڵێت: "باڵندەو ئاژەڵ بەسەرما ڕەق نابنەوە، ئەوان پلەی گەرمی لەشیان ناگۆڕدرێ"، لێرەدا نووسەر هوشیارە لەم کارەو دەزانێت کەمنداڵان لەمەسەلە پێکهاتە بایۆلۆجییەکان تێناگەنو زیاتر مەیلیان بۆ مەسەلە ئایینییەکانە بۆیە باوکی نیروان بەڵگەی ئەو مەسەلە زانستییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی "خوای گەورە وای دروست کردوون"، کە زیاتر لەلۆجیکی منداڵەوە نزیکترو شیاوو گونجاوترەو بەم بیانووەش دەتوانێ بەمنداڵەکەی بسەلمێنێو ڕازی بکاتو ناڕەحەتیو ناخۆشییەکەی لەدڵ دەربکات.

هەروەها فەرەیدون عەلی ئەمین لەچیرۆکی "بۆچی بۆق مێشوولەی خۆش ناوێت" بەڵگەو بیانوویەکی گونجاو دەدۆزێتەوە بۆ جوانی کوردستان لەبەهارو نەورۆزدا کەوەك بەهەشت وایە، ئەویش بەوەی وڵاتەکە پڕە لەدارو ئاوو شاخو باخو خۆشیو سەیرانو وڵاتەکە "دەبێتە بەهەشت".

جەمال ئوریش لەچیرۆکی "فێڵی ڕێوی (٣٧) بەڵگەو بیانوویەکی شیاوو گونجاو دەدۆزێتەوە بۆ کەسێتی ڕێوی یەکەم کە "لاکەی سەری ئەهات لەبرسانا.. زۆر هیلاکی کردبوو لەپەلو پۆی خستبوو"، ئەویش بەبەکارهێنانی ئەم دیمەنە "بۆیە شپرزەو ڕەنگ زەردو لاواز ئەبینرا"، هەروەها بۆ کەسێتی ڕێوی دووەم کە "کلکی لێ خستبووە سەرشانی بسکەی سمێڵی ئەهاتو زۆر لەکەیفو شادیو وورگ تێریدا بوو" بەبەکارهێنانی ئەم دیمەنە "بەئارەزووی خۆی هەنگاوی ئەنا"، ئەم دیمەنانەش یارمەتیدەری باشن بۆ ڕازیکردنی منداڵ بەناوەڕۆکی چیرۆکەکە.

جەزا عەلی ئەمین لەچیرۆکی "گۆرانی بێژ"دا (٣٨) لەکاتێکدا باس لەدەنگ خۆشی دەکات، بەڵگەیەکی دروستو گونجاو دەهێنێتەوە بۆ گۆرانی بێژو دەنگە خۆشەکەی کە "مەلی بەئاسمانەوە ڕاگرتووە، پایزان کاتێ چۆتە ناو دارستانی بێ گەڵاوەو تێی چریکاندووە یەکە یەکە درەختەکان کەوتوونەتە گەڵا دەرکردن، هاوینان دەچووە سەر ئەو کانیانەی وشکیان کردووە.. منداڵی ئاوایی هەر هەموویان لەبن لقەکانیانەوە دەهاتنە دەرێ بۆیان دەستاندەوە.. گۆرانییەکانی باسی فڕینی باڵدارو خوڕەی چەمو گەڵای دارو گوڵی باخو زاواو بووکی کۆنو نوێ بوون.. باسی پیاوانی جوامێری لەمردن ئازاتر بوون"، ئەم وێنانە زۆربەیان ئەندێشەیین بەڵام شێوازی نووسەرو بەڵگەو بیانووەکانی هێندە بەهێزن کەوەك ڕاستییەك بەمنداڵی بسەلمێننو قایلی بکەن بەو دیاردانە.

شەشەم / بەدواداهاتنی توانای پێزانین:

پێویستە چیرۆکنووس لەپاڵ کارە سەرەکییەکەی خۆیدا، پشت بەبیرە لاوەکیەکان ببەستێت لەپێناو گەشەی چالاکی هۆشی و بیری منداڵ و فراوانکردنی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و زانیارییان و بەهێزکردنی پێداویستییە سۆزداری و ویژدانی و ژیانییەکانیان کەئەمانە تێکڕا کاردەکەن بەمەبەستی ئامانجی چاککردن و پارێزگاری و ئامادەکردن و روونکردنەوەی پسپۆڕییان، چونکە منداڵ وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا نەوەی ئایندەی کۆمەڵن.. بەمانایەکیتر بەدواداهاتن هێزێکی بزوێنەرە بۆ کاری رازیکردن و بەکاریگەری ئەندێشە فراوان و بەپیت دەبێت و سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە لەچیرۆکی (بۆچی بۆق مێشوولەی خۆش ناوێت) (٣٩) نووسەر وەك بەدواداهاتن زانیارییەکی لاوەکی نیشانی منداڵان دەدات کە لەڕووی گرنگییەوە زۆر بەهێزەو منداڵ رادەکێشێ بۆ کۆمەڵێ ئاستی رۆشنبیری و مێژوویی و تاڕادەیەك سیاسی، ئەویش بەوتنەوەی تەنها دوو دێڕ لەشیعرە بەناوبانگەکەی پیرەمێردی شاعیر کە بەگۆرانی "نەورۆز" ناسراوەو بەئاوازەوە دەوترێت، "ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە" کە "هەر دەیانووت و دەیانووتەوە" ئەم پارچە شیعرو گۆرانییە لەپاڵ چیرۆکە سەرەکییەکەدا کۆمەڵێ زانیاریتر دەخاتە سەر هەستی بیرکردنەوەو هوشیارکردنەوەی منداڵان وەك پیرۆزیی جەژنی نەورۆز لەڕووی مێژووو ناوەڕۆك و پاڵەوان و ئەنجامەوە.

هەروەها عمر عبدالرحیم لەچیرۆکی "دڵ لەگوڵ ناسکترە" (٤٠) جۆرە بەدواداچوونێکی گونجاوی دروست کردووە لەکاتێکدا مام نەریمانی هەژار رۆژێك دوای نوێژی بەیانی لەمزگەوتەوە بەرەو کێو دەکەوێتەڕێ بۆ داربڕین و لەوێوە بیبات بۆ شار، بۆ فرۆشتنی و دواتر کڕینی چەند کەلوپەلێکی پێویست بەو پارەیە.. لەبەر خۆیەوە لەخوا دەپاڕێتەوەو دەڵێت: "ئەی خوای گەورە، تۆ دەلیلی داماوانیت ئاگات لەخشەی مارو مێرووە بەزەییت پیامانا بێتەوەو رزقێکی فراوانمان بۆ بنێرە، پیرێکی وەکو من توانای کۆڵەدارو هەڵگرتنی نەماوە"، ئەم وتەیە کە لابەلا هاتووە کۆمەڵێ زانیاری ترمان دەداتێ وەك ئەوەی خوای مەزن خاوەنی هێزێکی بێ سنوورەو هەر ئەو دەتوانێت لەکاتی پێویستی و گرفتدا یارمەتی مرۆڤی دەست کورت و هەژارو لێقەوماو بدات.. لەلایەکی ترەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەتوانای مرۆڤی بەساڵاچوو لاوازو کزەو ئەگەر یارمەتیدەرێکی نەبێت ئەوا تووشی هەرەسی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت، نووسەر لەشوێنێکی تردا، لەکاتێکدا مام نەریمان لەدارستانەکە گوێی لەدەنگە دەنگێك دەبێت کەدواتر بۆی دەردەکەوێت شێرێکەو پاشوی لای راستی بووە بەژێر گابەردێکەوەو توانای رزگاربوونی نییە استگرادیکی "بەدواداچوون"ێکی بەکارهێناوە کەچەند زانیارییەکی ترمان پێ دەبەخشێت کەنیشانەی یارمەتی و چاکەکردنە لەگەڵ کەسانی تردا لەکاتی تەنگانەو کێشەدا بەبێ بەرامبەر دەڵێت: "پێشینانمان وتوویانە چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە، مەرجە ئەگەر سەری خۆمم داناوە دەبێ ئەم شێرە رزگار بکەم"، لەکۆتایی چیرۆکەکەشدا دوای ئەوەی شێرە، بەرامبەر بەچاکەی مام نەریمان

یارمەتییەکی ماددی باشی دەدات دواتر پەیوەندی نێوانیان لەڕێگەی توانجێکی نەگونجاوی مام نەریمانەوە تێکدەچێت، نووسەر استگرادیکیتر بەکاردێنێت کەخۆی بۆ خۆی پەندێکە بۆ هەموو مرۆڤێك کەبەدەستی ئەنقەست خۆی ماڵی خۆی کاول دەکات استگرادەکەش بریتییە لەپەندێکی کوردی کەدەڵێت: "ئەگەر زمان بی هێڵێ سەر رەحەتە".

لەتیف هەڵمەتیش لەچیرۆکی "دارگوێز"دا (٤١) جۆرە استگرادێکی لۆجیکی بەکارهێناوە کە کارلێکێکی پێکهێنەرانەی لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکەدا دروست کردوە، ئەویش لە کاتێکدا کە "خواستی" پاڵەوانی چیرۆکەکە وێنەی دار گوێزێك لەسەر پەڕەی دەفتەرەکەی دروست دەکات دواتر بەرەو خەو دەڕوات.. لەپڕ دار گوێز بانگی دەکات کە کارەکە هێشتا تەواو نەبووە و ماوێتی، بەڵام "خواستی" لە وەڵامدا وتی "تەواوم کردووی" دار گوێزیش دەڵێت "دەمەوێ پەل و پۆکانم سیخناخ بکەی لە گوێز"... دەبێ جووتێ سمۆرەش لەسەر لق و چڵەکانم دروست بکەی... بۆ ئەوەی گوێزەکانم بە لق و چڵەکانمەوە کەڕو هەڵ نەهێنن و.. پێویستم بە جوتێ سمۆرەیە دانە دانە بیان شکێنن و بیان خۆن.. ئەم وتەیەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەوێنەی "خواستی" بەبێ گوێز و سمۆرە جوانی بەخشی تەواو نیە و لە ڕووی کاریشەوە دارێکی زۆر بەبەها و بەسوود نابێت..

حەوتەم / خۆشی و لاخۆشکردن :

کاری چیرۆك، بۆ منداڵ بێت یان گەورە، پێویستە لە تەکنیکیدا پشت بەڕەگەزی خۆشی و لاخۆشکردن ببەستێت، چونکە ئەم ڕەگەزە لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرنگتر و بەکارتر و بەهێزترە، شان بە شانی ڕەگەزەکانی تر زەمینەیەکی لۆجیکی دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی چیرۆکەکە لە ڕووی هونەری و بابەتیەوە سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێ بە چاکترین شێوە و شێواز بچێتە نێو کرۆك و بارستای چیرۆکەکە... بەمانایەکی تر لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزەوە خوێنەری منداڵ چێژی تەواو لە چیرۆك دەبینێت، بە پێچەوانەشەوە جۆرە وەرسیەك لەسەر بیر و هۆشی منداڵ دروست دەکات.

لە چیرۆکی منداڵاندا بە شێوەیەکی تایبەتی، گرنگی ئەم ڕەگەزە بەدەردەکەوێت چونکە بەبێ ئەم ڕەگەزە منداڵ توانا و هێزی ئەوەی نیە کە شتەکان بە شێوەیەکی زۆر جدی و دوور و درێژ بەردەوام وەربگرێت.. واتە ئەم ڕەگەزە گروتین و ئارەزووە سروشتیەکان ئەدات بەمنداڵ کە دەشێ کار بکاتە سەر ڕازی کردنیان(٤٢). ئەم ڕەگەزە لە چیرۆکی منداڵاندا بریتیە لە :

– پەنا بردنە بەر شێوازی کەسایەتی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك کە هەرسێکیان وا لە منداڵ دەکەن کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دوای ڕووداوەکە بکەوێت بەبێ دواکەوتن و پچڕاندن چونکە منداڵ بەپێی سروشت و حاڵەتی خۆی حەزی بەو تێکەڵ بوونە هەیە تا ڕادەیەکی زۆریش زۆر خۆشەویستن لەلای.. هەروەك لە چیرۆکی (بۆ ماسیەکانی ناو حەوزەکە مردن)(٤٣)ی محمد رحیم رەمەزان دا دەیبینین.

– بەکارهێنانی هەندێ بڕگەی فۆلکلۆر وەك گۆرانی و شیعر و پەند و قسەی نەستەق وەك لە چیرۆکی (گۆرانی بێژ)(٤٤)ی جەزا عەلی ئەمین دا بەدی دەکەین.

– پەنابردنە بەر هەندێك بیروڕای فیکری زانستی وەك کارێکی پێزانین هەروەك لەچیرۆکی (مامۆستا بچکۆلەدا) (٤٥)ی کەمال میراودەلی دا بەدی دەکەین.

– بوونی رووداوێكی ناتەواو بەتایبەتی ئەوانەی كەپەیوەندی بەچارەنووسی كەسایەتییەكانەوە هەیەو مانەوەیان بەشێوەیەكی هەڵواسراو لەڕووی كات و هۆكارەوە ئەمەش وا لەمنداڵ دەكات كە بەدوای رووداوەكان بكەوێت لەزنجیرەكانی تردا هەروەك لەچیرۆكی "مریشكە كونجەو مام رێوی)(٤٦)ی (أ . ب)دا بەدی دەكەین.

– بەكارهێنانی كەسایەتی خەیاڵی و راستەقینە خۆشەویستەكان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی سروشتی شێوازو دەروونییان و رادەی باوەڕبوونی منداڵ بەو كەرەستەو كەسایەتییانە لەپێناو رازیكردنیان وەك لەچیرۆكی (مانگ و منداڵەكانی گوندەكە) (٤٧) ی تاهیر ساڵح سەعید دەبینرێت.

– بەكارهێنانی شێوازی بەزەیی و بزواندنی هەستی زۆردار بەرامبەر بەكەسایەتییەكان و رووداوەكان وەك لەچیرۆكی (گریانی درۆ) (٤٨)ی محەمەد حەمە باقی دا دەیبینین.

– پەنابردنە بەر رەگەزی كوتوپڕی وەك هاتنەكایەی بابەتێك یان دەركەوتنی كەسایەتییەك بەشێوەیەكی كتوپڕ وەك لەچیرۆكی (كورنەتەڵەی) (٤٩)ی رەمزی قەزاز دا بەدی دەكرێت.

– بەكارنەهێنانی رووداوو كەسایەتی جۆراوجۆرو هەمەڕەنگ و هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەیان، چونكە بەخوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆكانە، كەپڕن لەرووداوی جیاجیاو چەندین كەسێتی سەرەكی و ناسەرەكی و پەراوێزی، منداڵ تووشی جۆرە بێزارییەك دەبن، چونكە توانای جیاكردنەوەی ئەو كەرەسانەیان نییەو بەڵكو تێكەڵیشیان دەكات و لەگەڵیشیدا تووشی هەرەسێكی دەروونی دەبێت و لەئەنجامیشدا بەو كارە رازی نابێت.

– بەكارهێنانی وێنە بەپێی قۆناغی تەمەنی منداڵ لەچیرۆكدا، چونكە ئەم وێنانە ئامرازێكن لەئامرازەكانی لاخۆشكردن و بەزووترین كات و شێوە ماناكان نزیك دەخاتەوەو خێرایان دەكات و منداڵ بەئاسانی لەچیرۆكەكە تێ دەگات و پێی قایل دەبێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێ منداڵ خاوەنی خەیاڵێكی فراوانن پێویستیان بەو جۆرە وێنانە نییە، چونكە ئەو خەیاڵە بۆ ئەمان بێ تاقەت و بێزاریان دەكات، بەڵام ئەمڕۆكە زۆرینەی منداڵ خاوەنی ئەو خەیاڵە نین و پێویستیان بەو وێنانە هەیەو یارمەتی بیركردنەوەو بەردەوامییان دەدات، كەواتە وێنە شێوازێكە هێزی راكێشان و سەرنجدانی منداڵی هەیەو چێژێكی خۆشی لێ دەبینێ.. لەلایەكی ترەوە ئەم وێنانە خۆی لەخۆیدا هێمای زانیارییەو هەریەكەیان بەستراوە بەڕووداوێكی سەرەكی چیرۆكەكەوە، هەروەها ئەم وێنانە دوورمان دەخاتەوە لەبیرچوونەوە لەبەر ئەوەی خاوەنی رەنگ و دەنگ و بۆن و چێژی خۆیانن. ئەوەی كە بۆ وێنە باسكرا رەنگ و كاریكاتێریش هەمان رۆڵ دەبینن لەخۆشكردنی چیرۆك لەلای منداڵ.

– ناونیشان، سەبارەت بەمنداڵی خوێندەوار كەتوانای خوێندنەوەی هەبێت ناونیشان كاریگەری تەواوی هەیە لەسەر راكێشانی سەرنجی منداڵ و هەستكردن بەخۆشی چیرۆكەكەو هاندانی بۆ هەرچی زووترە خوێندنەوەی و چێژو خۆشی لێ وەرگرتنی.

## ئەنجـــــام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

-بەبەراوورد لەگەڵ چیرۆك بۆ گەورەکان، کەزیاتر پشت بەکەسایەتییە مرۆییەکان دەبەستن لەمەسەلە سایکۆلۆژی و سوسیولوژی و فیکری و سۆزدارییەکان، چیرۆکی منداڵان زۆربەیان پەنا بۆ زیندەوەرەکانیتر دەبەن وەك ئاژەڵ و رووەك کەدەتوانن کاری رازیکردن لەلای منداڵ بەشێوەیەکی ئاسان و گونجاو ئەنجام بدەن.

-بەهۆی جیاوازی تاکەکەس و کات و شوێن و ژینگە، زیرەکی، ئارەزوو.. چیرۆکی منداڵ پێویستی بەرێژەیەکی زۆر هەیە لەکاری رازیکردن، ئەمەش پشت بەرۆشنبیری چیرۆکنووس و هاندان، شێوازو روونی و خودی و بابەتی و رێنمایی بیناو سەلماندن و بەدواداهاتنی توانای پێزانین و خۆشی و لاخۆشکردن دەبەستێت.

-ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانی رێگەی گەیاندنی گونجاو لەنێو چیرۆکنووس و منداڵدا دەکات، ئەویش بەهێزی زانستی دەروونناسی و پەروەردەیی و گەشەکردن و کۆمەڵایەتییەوە.

-چیرۆکنووسی منداڵی کورد تارادەیەکی باش توانیویەتی هۆکارەکانی رازیکردن لەلای منداڵ لەچیرۆکەکانیاندا بەرجەستە بکەن، و سەرکەوتنی لەبەرچاو بەدەست بهێنن، ئەمەش زیاتر لەرێگەی تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆیانەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کەچۆن منداڵ رازی بکەن لەچیرۆکدا.

## پەراوێزەکان

١-ریتشار دز: ٦٦

٢-فاضل ثامر: ٢٢٢

٣-جون ستروك: ١٥-٢٢

٤-نبيلة ابراهيم: ١٠١

٥-عدنان خالد: ٨٧

٦-د.س. مكفارلند: ٧-٢٠

٧-زكريا ميشال: ٦٠

٨-ابراهيم الدر: ١٦٨-١٦٩

٩- محمد غنيمى هلال: ٤٦٤

١٠-بوتول جاستون: ١٤٠

١١-معن خليل عمر: ٩٥

١٢-عبدالرحمن العيسوى: ٩٧

١٣-يوسف عزالدين: ١٦

١٤-شوقي ضيف : ٤١٨-٤١٩

١٥-ارسطو : ٢٩

١٦-عبدالرحمن عدس : ٢٦٩

١٧-عبدالرحمن العيسوي : ٣٥-٥٩

١٨-احمد عزت راجح : ٣٧٢

١٩-ە.س. مكفارلند : ٤٩

٢٠-مصطفى بدران : ٤٥

٢١-احمد عزت راجح : ١٠٠

٢٢-عبدالرحمن عدس : ٢٩١

٢٣-احمد عزت راجح : ٢٦٣

٢٤-عبدالمجيد نشواتي : ٢٠٧

٢٥-ارسطو : ٣٠

٢٦-هەمان سەرچاوە : ١٩٣

٢٧-عدنان خالد : ٩٢-٩٤

٢٨-محمد رحيم رمضان : ١٥

٢٩-ماريا واكسندر شوراكون : ٢٨

٣٠-عبدالرحمن العيسوي : ٢١

٣١-جمال نوري : ٣٥-٤٨

٣٢-فەرەیدون عەلی ئەمین :

٣٣-لەتیف هەڵمەت : ١٨-٢٠

٣٤-ارسطو : ٣٢

٣٥-سمير المرزوقي : ١٠٦

٣٦-محمد رحيم رمضان : ١٥-١٦

٣٧-جمال نوري : ٣٥-٤٨

٣٨-جەزا عەلی ئەمین : ٣٣-٤٦

٣٩-فەرەیدون عەلی ئەمین

٤٠-عمر عبدالرحيم : ٥-٢٠

٤١-لەتیف هەڵمەت : ٩٤-٩٦

٤٢-رشاد رشدي : ٥٣

٤٣-محمد رحيم رمضان : ١٧-١٩

٤٤-جەزا عەلی ئەمین : ٣٣-٤٦

٤٥-کەماڵ میراودەلی : ١١

٤٦-أ .ب (احمد بەرزنجی ): ١٠٦-١٠٧

٤٧-تاهیر ساڵح سەعید : ١٣٨

٤٨- محمد حمه باقی: ١٠٢

٤٩-رمزی قەزاز: ٥-٢٢

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**


- ابراهيم الدر، الاسس البيولوجية لسلوك الانسان، الدار العربية للعلوم، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.
- احمد عزت راجح، اصول علم النفس، المكتب المصري الحديث للطباعة والنشر، الاسكندرية – مصر، الطبعة الثامنة، ١٩٧٠.
- ارسطو، الخطابة، ترجمة د. عبدالرحمن بدوي، دار الرشيد للنشر، العراق، ١٩٨٠.
- بوتول جاستون، تاريخ علم الاجتماع، ترجمة محمد عاطف غيث وعباس الشربيني، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٤.
- جون ستروك، البنيوية وما بعدها، من ليفي شتراوس الى دريدا، ترجمة د. محمد عصفور، سلسلة عالم العزمة، ١٩٩٦.
- رشاد رشدي، النقد والنقد الذاتي، دار العودة – بيروت، ١٩٧١.
- ريتشاردن، مبادئ النقد الادبي، ترجمة وتقديم د. مصطفى بدوي ومراجعة د. لويس عوض، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، ١٩٦٣.
- زكريا ميشال، الالسنية – علم اللغة الحديث – المبادئ والاعلام، المؤسسة الاجتماعية للدراسات والنشر والتوزيع – بيروت، ١٩٨٣.
- سمير المرزوقي وجميل شاكر، مدخل الى نظرية القصة – تحليلا وتطبيقا –، دار الشؤون الثقافية العامة (آفاق عربية)، بغداد، الدار التونسية للنشر، ١٩٨٦.
- شوقي ضيف، تاريخ الادب العربي – العصر الجاهلي، دار المعارف، القاهرة، مصر، الطبعة السادسة، ١٩٦٠.
- عبدالرحمن عدس ومحي الدين توق علم النفس العام، مكتبة الاقصى / عمان – الاردن.
- عبدالرحمن العيسوي، الطريق الى النبوغ العلمي، دار الراتب الجامعية – بيروت – لبنان.
- عبدالمجيد نشواتي، علم النفس التربوي، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، الطبعة التاسعة، ١٩٩٨.
- عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافية العامة – آفاق عربية –، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٨٦.
- فاضل ثامر، الصوت الآخر – الجوهر الحواري للخطاب الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، الطبعة الاولى.
- هـ.س.ن مكفارلند، ترجمة عبدالعلي الجسماني وعبدالوهاب العيسى وآمال طعيمة، الدار العربية للعلوم – لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.

- مارينا واكسندر شوراكون، القصة القصيرة والقصة الطويلة، مجلة الطليعة الادبية، العدد ٧، تموز ١٩٧٦.
- محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار النهضة، مصر للطبع والنشر، القاهرة.
- مصطفى بدران وآخرون، الوسائل التعليمية، مطبعة الانجلو المصرية، ١٩٥٩.
- معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر، دار الآفاق الجديدة، بيروت – لبنان، ١٩٨٢.
- نبيلة ابراهيم، القارئ في النص – نظرية التأثير والاتصال –، مجلة "فصول"، العدد الاول، ١٩٨٤.
- يوسف عزالدين، الشعر العراقي في القرن التاسع عشر، مطبعة الزهراء – بغداد، ١٩٥٨.

**سەرچاوە کوردییەکان :**

- احمد سەید عەلی بەرزنجی، ئەستێرە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
- گاهر سالح سەعید، نوسەری کورد، ژمارەی ٣، ١٩٨٠.
- جەزا عەلی ئەمین، ئەستێرەکان، دار الحریه للگباعه، بغداد، ١٩٨٧.
- جمال نوری، زێڕین و کاڵێ، دار الحریه للگباعه – بغداد، ١٩٨٠.
- ڕەمزی قەزاز، گورنەتەڵە، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بغداد، ١٩٦٧.
- عمر عبدالرحیم امین، دڵ لە گوڵ ناسکترە، دار الحریه للگباعه، بغداد، ١٩٧٨.
- فەرەیدون عەلی ئەمین، پیرێکی ڕیش دێژ...بوو، چاپخانەی دار ئافاق عربیه، عیراق/ بەغدا، ١٩٨٥.
- کەمال میراودەلی، گوڵە باخ، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.
- لەتیف هەڵمەت، دیوانی منداڵان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی هەواڵ – سلێمانی، ١٩٩٩.
- محمد حمه باقی، نوسەری کورد، ژمارە ٣، ١٩٨٠.
- محمد رحیم رمضان، دە چڵ نێرگز، سلێمانی، ٢٠٠٠.

## کورتەی باسەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەبنەڕەتدا پشتی بەدوو زانستی سەرەکی بەستووە، یەکەمیان: دەروونناسیو دووهەمیان: زانستی کۆمەڵناسی، لەڕێگەی ئەم دوو زانستەوە، پاڵپشت بەهێزیی ڕۆشنبیریو پێزانین، چیرۆکنووسی منداڵان، لەچیرۆکەکانیدا بەهەستەوە بێت یان نا، هەوڵی ڕەچاوکردنی کۆمەڵێ خاسیەتی کردووە تا بتوانێت بەباشترین شێوەو شێواز منداڵ ڕازیو قایل بکات، چونکە هێزی منداڵ بەرامبەر گەورە زیاتر پێویستی بەچاودێری پەروەردەیی هەیە، لەهەمان کاتدا لەنێو منداڵان خۆیاندا، جیاوازی بیرو تەمەنو کەسێتیو ئاستی زانستی هەیە کەهۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتیو

## خلاصة البحث

هذه الدراسة، بالاساس، تعتمد على علمين رئيسيين:
الاول، علم النفس والثانى علم الاجتماع، وبالتنسيق مع القوة الثقافية والادراكية، ان كاتب قصص الاطفال، بوعي او بدون وعي، يلجأ الى هذين العلمين ويراعى ويستخدم في الوقت نفسه، مجموعة من التقنيات لكي يستطيع الوصول الى عقلية الطفل واقناعه باحسن واسرع الطرق الممكنة دون خرق او فجوة او تجاوز، لان عقلية وشخصية الطفل بالمقارنة مع الكبار، بحاجة اكثر الى الاهتمام من النواحي النفسية والتربوية والاجتماعية. ومن جانب آخر، هناك فروقات عمرية وثقافية وعقلية فيما بين الاطفال أنفسهم بسبب الاختلاف البيئي، اجتماعياً، نفسياً وثقافياً.

## Summary

*This study, basically, depended on the two main sciences, psychology and sociology. With the helps of educational power, the writer of kid's stories, consciusly or unconsiously, refers to the above mentioned sciences and, at the same time, trys to use several techniques in order to reach the mind of kids and their persuations within the best possible ways without any disruption, gap or displacement, because kid's mind and his personalty, comparatively with adults, need more attentions of sociology, psychology and educations. Besides, there are great differences of ages, minds, thoughts among kids themselves which caused by different sociology, psychology and enviroments.*